# پەرلەمانێك بۆ ئەوان

سیروان علی

2009 | 7| 5

لە ماوەی چەند مانگی پێشوودا، بینەری ئەنجامدانی چەندین پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بووین، هەرواش لە مانگەکانی داهاتووشدا لە چەند وڵاتێکی تر درێژەیان دەبێت، وە دەکرێ سالی 2009 بە سالی نمایشی پەرلەمانی ناوزەد بکەین، وەك پیادەکردنی سیستەمێکی مۆدێرنی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی ڕامیاریی دیمۆکراسی لە وڵاتانی خۆرهەڵات، لە کاتێکدا وڵاتانێك کە ئەمە ئەنجام ئەدەن، خاوەن چەندین کێشە و گرفت و قەیرانی جۆراوجۆرن و لە نەتەوەی جیاواز و کەلتووری جیاواز پێك هاتوون، دیارە بە ئامادەبوونی پۆلیسی نێودەولەتی (ئەمریکا). بەدەر لەوەی من پەرلەمان وەك مۆدێکی سیستەمی ڕامیاری نامۆ لە بە دیهێنانی ویست و ئامانجەکانی خەڵك دەبینم، هەروا پێم وایە خۆی لە خۆیدا ساردکردنەوەی گڕکانی هەڵچوونی ناکۆکییەکانی کۆمەڵگە و دوورخستنەویەتی لە گۆڕانکاری ڕیشەی و هەڵپساردنی قەیرانەکانێتی، هەر جارە بۆ چوار ساڵێکی تر. بۆیە لە مەڵبەندی دیمۆکراسیەت بێت یان لە وڵاتانی دیکتاتۆری بێت خەریکی یەك کارن. بەڵام ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە بیخەمە ڕوو، نیشاندنی ڕووی نابوتی و ناجۆری مۆدێکە، کاتێك دەیەوێت ئەم پرۆسەیە لە بەری وڵاتانێ کات کە دسەڵات تیایادا وەك چەرم بە خاوەنە پێشینەکانییەوە نووساوە و دەیانەوێت لێیکەنەوە دواتر ئەو چەرمەش بکەن بە کراسێك و هەر ساڵێك لایەنێك لە بەری بکات. من پێم وایە سیستەمی دیکتاتۆری یان دیمۆکراسی شێوازێکی ئازوومەندانە نین تا پارتەکان یان دەسەڵاتداران هەڵبژاردن لە نێوانیاندا بکەن، بەڵکوو ئەوە بە باری ئابووری و ئاستی کۆمەڵەیەتی و قووڵی قەیرانەکان ئەو وڵاتەوە پابەندە. با بزانین ئەم چەرمە چەند لە خاوەنەکانی دوورکەوتۆتەوە و چەندە بووە بە کراسێکی ڕەنگاڵەیی بە بەری ئەم و ئەو.

هەڵبژاردنەکانی تورکەکان و عەربەکان و فارسەکان، نمایشێکی زۆر ناوازە بە دەقێکی وەرگێڕاو لە زمانی دایکێکەوە کە خۆی بە دەست ئەو دەقەوە و نمایشەکانی تووشی توخمە بووە، خرایە سەر شانۆی وڵاتانێك، کە هێشتا بۆنی خوێن و سوتانی لاشەی هاووڵاتیانی خۆیان کاسەی پڕ دیمۆکراسی بەرنەداوە.بەڵێ دیموکراسترین مۆدێلیان هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا بوو، کە وەك جەژنی نێوان ئەورپای مەڵبەندی دیمۆکراسی و ئاسیای نادیمۆکراسی، ئەزمونێکی باڵای پێشکەش و نمایش کرد، لە کاتێکدا ئەم پرۆسەیەی ئەنجام دەدا، کە لە سەر سنووری شاخاوییەکانی خۆی وناو وڵاتانی دراوسیدا لەتەك هەندێ هاووڵاتیانی خۆی خەرێکی گەمەێکی تری دیمکراسی بوون، بەڵام لە جیاتی سندوقی دەنگدان، سندوقی فیشەك، لە جیاتی پێنووس، موشەك و لە جیاتی یەکتر پەسەندکردن، یەکتر سەڕینەو یەکتر سوتاندن، بەس لە بەر ئەوەی ئەو

هاووڵاتییە نا دیمۆكراسییانە كوردن و نایانەوێت واز لە زمانی خۆیان بهێنن و دەست بە كەلتووری خۆیانەوە دەگرن و و تەقە لە دیمۆكراسی دەكەن، كە هەرچەندە هاوڕەگەزكانیان لە شارەكانی خۆشیان دەنگی زۆریان لە گەمەی دیمۆكراسی پەرلەمانیدا هێنا، بەڵام دواتر كەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و لێدان و هەڕشە كردن. وة لةهةمان كاتدا ئیسلامی توندڕەو و میانەڕەو، هەموو توركیای تەنیوە و وەك دیوزمەی ڕەش گرتتی لەسەر بە ئیسلامیكردنی دوا كلكی خاچەكان دەكات لەناو مەڵبەندی تؤرانيَكان هەر لە ڕێگەی گەمەی هەڵبژاردن . لەم پرۆسەیەشدا ئەورپای دایك دەڵێت : تا نەتەوەی كورد مافی ژیان و هاووڵاتی یەكسانی نەبێت، ئەوە هێشتا ئەو چەرمە نوساوە نەبووە بەكراس و ئەو گەمەیە ناچێتە ناو كەوانەی خێزانی دیمۆكراسی. <u>برای گەورەی نەمەریش</u>(ئةتاتورك) كە تا ئێستاش وەك دەسەڵاتێكی میری دروشم و ڕێبازی وێنەكانی بەسەر ئاپارتمانە بەرزەكانی شار و لەناو پەرتووكی خوێندكاران و پۆلەكانیان و لەناو ژووری بەڕێوبەرایەتییەكاندا ئامادەیە و دەڵێت هەر ئێوەی مردوو بۆ منی زیندو دەژێن. كۆمەڵگەیەكی پڕ لە قەیرانی ئابووری و كێشەی نەتەوەیی و ململانێ لەسەر قوبرسی یونانی و توركی، بەبێ خوێنڕشتن، كێشەكانی پێچایەوە تا چەند ساڵێكی تر.

لە وڵاتی عەرەبی هێمن و بێكێشە و بێگرفت و خاوەن ئاڵتونی ڕەشی دەوڵەتی كوێت، چۆن ئەو پرۆسە دیمۆكراسییە بەڕێوە چووە، لەم دەڤەرە دەسەڵات نەك چەرم نییە كة نووسابيَت بە خاوەنەكانییەوە، بەڵكو خوێن و خێڵ و هۆزە وئالە و هەروەها عەگاڵ و پیاویشە. پرۆسەی پەرلەمانی دیمۆكراسی دەبێت شانازی بە خۆیەوە بكات، كە نموونەی لەم جۆرەی هەیە، بەڵێ لەم ئەزموونە دیمۆكراسییە نەك نەتەوەیەكی بچووك هەوڵی ئەوە دەدات مافی خۆی هەبێت، بەڵكو نیوەی كۆمەڵگەكەی كە ژنە، هەوڵی بێوچان دەدات تا كاندیدی هەبێت. ئەوجاش پیاوانی یاریزانی ناو گەمەی پەرلەمان دەڵێن چۆن دەبێت ژن لە ناو پەرلمان دەستمان بەر دەستیان كەوێت یان چۆن بتوانین نهێنی و بڕیاری هەستیاری ڕامیاری لەبەردستیان دابنرێت، لە كاتێكدا ئەوان بە ئاسانی دەتوانرێت هەڵبخەڵتێنرێن، ئەی منداڵان نەوەی داهاتومان كێ بە خێویان بكات. دواتر ژنان خۆیان جوان بكەن و بێنە ناو هۆڵەكانی پەرلەمان، پیاوان چۆن ئاگایان لە بەڕێوەبردنی وڵات دەمێنێت؟ وەك ئەوەی ئەو وڵاتانەی كە ژن لە پەرلمانەكاندا بوونی هەیە و بۆ پۆستی سەرۆكایەتی وڵات خۆیان هەڵدەبژێرن، وڵاتەكەی خۆیان و ئەوانیش كە گوێڕاڵێكی بێخەوشی ئەوانن بەڕێوە نەبردبێت، چ ڕوەشێكی دیمۆكراسییە! .(فخذ)كان و هۆز و خێڵەكان لەژێر ڕشماڵی پیاوەتی عروبەوە بە چەقۆێكی ژەنگاوییەوە ناوكی پەرلەمان دەبڕن. دەبێت چ شەوەیەكی پەركەمەوی گیانی هەر لە ناو بێشكەدا بكێشێت.

ئەوجا با بێینە سەر مۆدیكی پەرلمانی زۆر دیمۆكراسی كەم وێنە، ئەویش مۆدی فارسییە یان ئێرانییە یان چاكتر وایە بڵێین مۆدی پەرلەمانی ئیسلامی. من دەمەوێت زۆر بە وردی و قوڵییەوە باس لێ بكەین، هەر لە پێناسەی فەرمانڕەوای وڵات و

دەستورکەییەوە تا پەرلمان وەك ئۆرگان و سنووری کارەکانی و ئامادەکردنی لیستەکانی هەڵبژاردن و تا ئاستەکانی ململانێی ڕامیاری.. لە دوای شۆڕشی 1979 لە ئێران یاسایەکی بنەڕەتی دانرا، کە تێیدا یاسایەکی ئایینی جێگەی یاسا سیکولارەکەی گرتەوە و گەورەترین دەسەڵاتیش (لە ڕێگەی ڤیتۆی ئەم شورای نیگهبانەوە لە بەرامبەر پەرلەماندا) درایە زاناکان بۆ لێکدانەوەی ئەو یاسایانە. ئایدیۆلوژی ئەو یاسایەش وەك لە مادەی (2)ی بەشی (یەکەم)ی یاسای بنەڕتیدا هاتووە " تاك و تەنیای پەروەردگار، سەوەری خودا، سەروەری خوداش واتای ئەوەیە هەرکەسێك بێجگە لە یاساکانی خوا هەر یاسایەکی تر پیادە بکات، ئەوە بتپەرستە و شەریك بۆ خودا دروست دەکات. هەروەها شتێکی ئیجبارییە مرۆڤ بخاتە ژێر دەسەڵاتی خواوە و فەرمانەکانی ئەو بەجێ بگەیێنێت". دەبێت ئەوە بزانین ئەم یاسا بنەڕتییە، دەسەڵاتە چارەنووسسازەکان لە دەستی چەند کەسێکی زۆر کەمدا کۆ دەکاتەوە . کەواتە یاسا بنەڕتییەکانی دەوڵەت لەسەر بنەمای سەروەری گەل دانەنراون وثرنسيثة مرؤيَكان و مافة نةتةوى و رطةزيَكان نابنة بنةماى ئةو ياساية ، بەڵکو لە سەر یاساکانی خودا دانراون، کە بەهیچ شێوەیێك ئازادی سازدان و دروستکردنی ڕای گشتی بە شەرعی نازانێت و بنەماکانی تر بدعەیەکن لە شەریك درووست کردنن بۆ خودا وةبةزاندنى هيَلَى سورة وة زالكردنى دةسةلآتى سةر ئةزرة بة سةر دةسةلآتى ئاسمان . مەبەستی ئەم یاسایە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ئیسلامییە لە سەر بنەمای ویلایەتی فەقیهە، واتە تاقە لایەنی باوەڕپێکراوی شەرعی بۆیان هەیە یاسای بنەڕتی لێك بدەنەوە، کە خودی فەقهەکانن. کە بە_پرنسیبی شیعی ئامێز بەندە و لە خواشناسی شیعیدا دوازدە ئیمام هەن، کە لێکدەرەوەی بێخەوشی ئاینی ئیسلامن و وەکو ڕابەرێکیش هەموو کەسێ دەبێت گویڕایڵیان بکات. هەروەها پێکهاتەی شورای نیگەهبان و دەسەڵاتەکانی کە لە مادەی 91-99ی یاسای بنەڕەتی باس کراون، لە شەش فەقی پێك هاتووە، شەش کەسی لێهاتوو لە لێکدانەوەی ئیسلامدا و لەلایەن ڕابەرەوە دەستنیشان دەکرێن وەیان لە لایەن ئەنجومەنی ڕەابەرییەوە دەستنیشان دەکرێن، هەروەها شەش کەسی تری شارەزا لە یاساکانی ئیسلام و فیقهدا، لە لایەن ئەنجومەنی یاساییەوە هەڵدبژیرین و دواتر پەرلمان پەسندیان دەکات، وەك وتمان ئەم شورایە بەرامبەر هەر بڕیارێك پەرلمان دەری دەکات، مافی ڤیتوی هەیە، ئەگەر پێی وابوو کە لەتەك پرنسیبەکانی ئیسلام ناکۆکن. هەروەها سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردن و ڕاپرسییە جەماوەرییەکان و دەسەڵاتی ڕەتکردنەوەی ئەو پاڵێوراوانەی کە بۆ هەڵبژاردنەکان خۆیان کاندید دەکەن، وەك ئەوەی لە 20ی فێبریوەری 2004دا ڕوویدا، شورای نیگهبان لە کۆی 8157 کاندید 2530 کەسی رەت کردەوە، کە لەو ناوانە (رەزا خاتەمی) بوو کە سەرکردایەتی "حزب مشارکت اسلامی " دەکرد. هەروەها سەرجەمی یاساکان، یاسا مەدنییەکان، یاساکانی سزادان، یاسا ئابوورییەکان، یاسا کولتوورییەکان، یاسا میلیتێرییەکان و یاسا رامیارییەکانیش دەبێت لەسەر بنەمای میتۆدی ئیسلام بن وةهيض بنةماى تر ئامادة ثيَى نةكراوة. ئەم پرنسیپە لە سەرووی هەموو پرنسیپەکانی ترەوەیە، کە

لێکدانەوەی ئەم پرنسیپانە لە دەستی ئەم شورایە دایە (مادەی چوارەمی یاسای بنەڕەتی ). کاتێك دێینە سەر ڕابەری دەوڵەت، کە بە پێی مادەی 107 یاسای بنەڕەتی ڕێکخراوە، خومەینی وەك مەرجەعیەت و (ڕاوێژکاری گیانیی) لەلایەن خەڵکەوە دەنگی بۆ درا و وەکو ویلایەتی مەرجەع دەسەڵاتی لە سەرووی دەسەڵاتی دەوڵەتەوەیە و ئەگەر هەڵبژاردنی بۆ نەکرا، ئەوا دەکرێت لە لایەن کۆمیتەیەکی پسپۆر (مجلس خبرگان)ەوە ڕابەر دەستنیشان بکرێت و نموونەی ئەمە هەڵبژاردنی (علی خامنەئی) بوو و ئەگەر ئەمەش نەکرا وەك لە هەمان مادەدا هاتووە، ئەوا کۆمیتەیەکی 3-5 کەسی هەڵدبژێردرێت، کە هەمان دەسەڵاتی ڕابەری هەیە. دیارە ڕابەر لەم سسیستەمە دێمۆکراسییە ئیسلامیەدا، دەسەڵاتی رەها لای خۆیەتی خۆی ببڕ و خۆی بکردە. ڕابەر، فەرماندە گەورەکان و سەرۆکی سوپای پاسداران دیاری دەکات و لاشیان دەبات. ڕابەر، فەرماندەی هەرسێ هێزە (هەوای، زمینی، دەریای)ییەکان دیاری دەکات. ڕابەر ئەندامانی شورای نیگهبان، واتە بەرزترین کارگێرییە یاسایی و دادوەرییەکان دیاری دەکات. ڕابەر، لە ڕاگەیاندنی جەنگدا دەسەڵاتی فەرمی هەیە. ڕابەر، دوای هەڵبژاردنی سەۆرك کۆمار، پەسەندکردنی سەرۆککۆمار لە دەستی ئەو دایە. ڕابەر، دەسەڵاتی دەرکردنی سەرۆك کۆماری هەیە و دوای پێشنیازکردنی بۆ دادگای باڵا یان پەرلەمان، وەك ئەوەی خومینی بەرامبەر (بەنی صدر) کردی و لە سەرۆك کۆماریدا وەلای نا. هەروەها ڕابەر، دوای پێشنیازکردنی بۆ دادگای باڵا، دەسەڵاتی بەخشین و لێبوردنی هەیە. بە کورتی ڕابەر دەسەڵاتی یاسادەرکردن و ڕاپەڕاندن و دادوەری هەیە و کونترۆڵ دەکات. ئەوجا با بێینە ناو ماڵە دێمۆکراسییە وێرانەکە و بزانین چی بۆ ماوەتەوە بیکات و چۆن پێکدێت؛ سەرەتا لە باری مێژووییەوە قسە لەسەر هاتنی فۆرمی پەرلمان قسە بکەین و چەندە ئەم گەمەیە پەیوەندی بە فۆرمی پەرلمان خۆیەوە وەك فۆرمێکی دێمۆکراسی هەیە. بەپێی یاسای بنەڕتی، دەسەڵاتی یاسادانان لە دەستی پەرلەمان یان (مەجلیسی شورای ئیسلامی) ئەم ناوە ئاماژیەکە بۆ قورئان، کە وەك هاتووە (وامرهم شوری بینهم)، بە پێی ئەم دەقە شورا شەرعیەت بە پەرلەمان دەبەخشێت و پابەندی لە فۆرمی دێمۆکراسی یان لە نەریتی دەسەڵاتی گەلەوە سەرچاوەی نەگرتووە و هەروەها باس لە سەروەری دەسەڵاتی یاسادانان ناکات و پەرلەمان ئەم ئەرکەی نییە، بەڵکو یاساکانی خودا، خۆیان هەر هەبوون و دەبێت پیادە بکرێن، لە مادەی 12ی یاسای بنەڕتیدا هاتووە، کە ئاینی فەرمی ئێران ئاینی ئیسلامە و ئاینزاکەشی جەعفەرییە و ئەوەش هاتووە، کە ئەم مادەیە هەتا هەتاییە و ناگۆڕێت. ئەمە بە واتای سڕینەوەی هەر جیاوازییەك و ڕەتکردنەوەی هەموو گۆڕانێك، تەنانەت ئەگەر لە ئایین و ئایینزای جوداش بێت، پابەندنەبوون بە هەر پرنسیپێکی تری مەدەنی و نێودەوڵەتی و تەنانەت ئەگەر ئەوە ویستی جەماوەریش بێت. هەروەها هەر کاتێك کاندیدەکانی پەرلەمان یاسایەکیش پەسەند یان پێشنیار بکەن، ئەوە شورای نیگهبان لە سەرووی ئەوانەوەیە و دەبێت لە گەڵ پرنسیپەکانی ئیسلام بەراورد بکرێت، ئەوجا ژیان دەبینێت. پەرلەمان لە باشترین باردا ئیشی لێکدانەوەی

قورئانە و ئەگەر لە ژێر بڕبەنی شورای نگهبان دەرچێت و ئەگەر بێنە سەر هەڵبژاردن، ئەوە هەڵبژرادن نییە لە نێوان ڕەوتە ڕامیارییە جیاوازەکان وەك ناسیونالسیت و ئیسلامیست و کۆمونیست و لیبراڵ، تەنانەت هەڵبژاردنیش نییە لە نێوان ئاینزاکانی ئیسلامی وەك شیعی و سونی و حەمبەلی.. هتد، بەڵکو هەڵبژاردنە لە ناو خودی باڵەکانی یەك ئاینزای ئاینی ئیسلام، کە ئاینزای شیعییە. دیارە لەم وڵاتی دێمۆکراسییە هیچ پارتێك مۆڵەتی پێ نادرێت لە چوارچێوەی ئیسلامیدا نەبێت، ئەگەر پارتێکیش چانسی هەبێت و مۆڵەتی پێی ببەخشرێت، ئەوا دوای لێکۆڵێنەوەیەکی زۆر وردی شالیاریی ناوخۆ، ئەوجامۆڵەتەکە دەدرێت. هەروەها لیستی هەڵبژاردن، لیستی پارت نییە، بەڵکو هەڵبژاردنی تاکە کەسییە. بەم جۆرە خەڵکی ئێران لە فۆرمێکی زۆر تەسکی ئاینزاییی لە قاڵب دراون و دەنگەکانیان و ئاواتەکانیان دەبێت لە ناو ئەم گەمەیەدا باشی ناو خراپەکەیان هەڵبژێرن. هەرچەندە هەندێك گۆڕان لە یاسای بنەڕتی 107 لە ساڵی 1989 دوای مردنی خومەینی و هەڵبژاردنی خامنەئی، کراون. بەڵام ئەوەی کراوە ڕابەر لەلایەن جەماوەرەوە دەنگی بۆ نادرێت، بەڵکو لەلایەن کۆمیتەی شارەزایانەوە (کۆمیتەی پسپۆری)ییەوە هەڵدەبژێریت، واتە بە دەزگەکردنی ویلایەتی فەقیە و هەروەها کردنی سەرۆککۆمار خۆی بە سەرۆکشالیاران و زیاتر دەسەڵاتەکانی سەرۆککۆمار سەقام گیر کران.

ئەمەی سەرەوە، باسێکی زۆر کورتی ئەو فۆرمە دێمۆکراسیەیە کە هەر چوار ساڵ جارێك، خەڵکی ئێرانی پێدەخەسێنرێت و لە گۆڕانی ڕیشەی و کۆتایهێنان بە بێ مافی دوور دەخرێنرێتەوە. بەم گاڵتەجاڕیە دەیانەوێت، دەسەڵاتێك، کە بە خوێنڕشتن و دەربەدەرکردن و لەناوبردنی فیزیکی نەیارەکانی دەسەڵاتی کۆنەپارێز و داپڵۆسێنەری ئیسلامی جوانکار بکەن. دەسەڵاتێك هەر لە گرتنی ڕابەرەکانی (پارتی تودە) لە ساڵی 1983 و دواتر هەڵواسینیان لە ساڵی 1988 و تیرۆرکردنی سەرۆکی پارتەکانی تر لە هەندەران، ئەفرێنرا تا بە خوێنکردنە بەری پارتە کۆنەپارێزەکان و هاوشێوەکانی خۆی بە ئامانجی دامەزراندنی دەسەڵاتی (أمەی ئیسلامی) بنیات نراوە و دەیەوێت بە هێنانی فۆرمی بەناو ڕیفۆرمیستی، کە خۆی باڵی جیاوازی هەمان سیستەم و بنەما و ئایدیا و جیهانبییە لەتەك هەندێ جوانکاری ئازادی تاکەکەسی و ڕۆژنامەوانی بێنێتە ئەم گەمەوە. ڕیفۆرمخوازەکان لە ساڵەکانی 1989 و 1993 چانسی خۆیان تاقیکردەوە و خەڵکی ئێران بینیان کە ئەمانە ڕووی یەك دراون، کە لێرەدا چەند ئامارێکی کورتی دەسەڵاتی دێمۆکراسی سەردەمی (خاتەمی) دەخەمە پێش چاوتان، کە لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی وەرگیراوە. وەك لە راپۆرتەکەدا هاتووە، لە ساڵی 1997دا 143 کەس لە سێدارە دراون ، لە ساڵی 1999دا165 کە لە سێدارە دراون س ، لە ساڵی 2000دا75 کەس لە سێدارە دراون ، لە ساڵی 2001دا 139 کەس لە سێدارە دراون ، لە ساڵی 2002دا 113 کەس لە سێدارە دراون، لە ساڵی 2003دا108 کەس لە سێدارە دراون، کە لە ناویاندا هەن، تا مردن بەردباران کراون، لە ساڵی 2004دا 159 کەس لە سێدارە

دراون، کە لە ناویاندا هەن، تا مردن شەلاق دراون. بێجگە لەوەی کە لە ساڵی 2001دا 285 ڕووداوی شەلاقلێدان و لە ساڵی 2003دا 11 ڕووداوی بڕینەوەی ئەندامێکی لەش هەبووە. ئەمە بێجگە لەوەی کە (خاتمی) چەندین پۆستی جۆراوجۆری لە نێوان ساڵەکانی (1980-1989) وەك جێگری سەرۆك و دواتر سەرۆکی هێزە هاوبەشەکانی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکی ئەرکانی تەرویج شەڕ و لە سەرکوتکردنی پێکدادانەکانی ساڵانی1982-1986-1989 و ئایاری1992دا شالیاری ڕۆشبیری و ڕوانگەی ئیسلامی بووە.

ڕیفۆرمیستەکان هیچ نین، جگە لە دابەشبوونی دەسەڵات لەتاو فشاری ناڕەزایەتی جەماوەری ئێران دژ بە ژیانی نالەبار و بێمافی. ئێرانی ئەمڕۆ، ئێرانی دەسپێکردنی قۆناغێکی زۆر هەستیارە، کرێکارانی نەوتی ئێرانی و (سوپا سوورەکەی فارسەکان) نەك دڵی دەسەڵاتدارانی ئێرانی ترساندووە، بەڵکو ئیمپریالیزمی ئەمریکیشی تۆقاندووە و ئەو داغ بوونەی لەیاد نەکردوە، کە چۆن دەسەڵاتی شا وەك شێرە بەفرینە لەبەردەم گرکانی تورەی کریکارانی ئێراندا توایەوە و چۆن ئاوات و پێشبینییە پوچەڵەکەی دەزگا بەناو بانگەکەی (CIA) لە بەکەمزانینی بزووتنەوی خەڵکی ئێرانی، برواپتەوەکەی بە هێزی چەکدارەکانی شا لە بەدرەم شۆرشی 1979 هەڵوەشایەوە. وا ئەمڕۆ لە دوور و لە نزیك ترسی لە دەسدانی دەفەی کەشتێکەی لێنشتووە. نغرۆبوونی توانای هێزە ڕیفۆرمیستەکان لە سواربوونی شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵك، دەکاتە تێکچوونی هەموو نەخشە و پلانەکانی. هەرچییەك لە دووتوێی ڕوداووەکانی ئێراندا خۆی شاردبێتەوە، یەك شتی ڕوونکردووەتەوە، ئەم گەمەی هەڵبژاردنە، هەر جارەی بە دستی دەسەڵاتێکەوە گیرۆدە بووە و دادی خەڵکی ئێران نادات، خەباتی پەرلەمانی خەباتی باڵەکانی چینی سەروەرە بەسەر خەڵکیدا و هیچیان ناتوانن ئاڵوگۆڕی ڕیشەی لە ئێراندا بەدی بێنن.

هەروەها لە جوگرافییەکی زۆر بچووکتر و لە نێو نەتەوەیەکی بێماف و فرەدووژمندا و پاش تێپەراندنی چەند ساڵێکش لە دەسەلاتی بە ناو پەرلەمانی، وا خەریکە ئەم گەمەیە دووبارە دەبێتەوە. لە کوردستانی عیراق جارێکی تر ئەم تەبخەیە درووست دەکرێتەوە، بە کەش و هەوایەکی زۆر گەرمەوە، گوایە ئەم جارەیان باڵێکی پڕ لە گۆڕان (ڕیفۆرم) هاتووە ئارا و ئەگەر لەم ململانێیەدا سەرکەوت، هیوای گەشاوەی پێیە. دەڵێی هەمان سیناریۆ و ڕیفرۆمخوازەکەی ئێرانە، بەڵام بە یەك جیاوازی ئەم سەر بە ئایدیایەکی نەتەوەییە ئەو ئایدیایەکی ئیسلامی، هەردووکیان دووبارەکردنەوەی هەمان چاوبەستن، لە بەرامبەر نەیارەکانیان باڵی یەك جیهانبینین و هەردوکیان لەسەر دروستکردنی مێژووی پڕ شانازی بۆ گەلەکانیان بەشداربوون. ئەم ئەزوومونە پەرلەمانەیە، کە خاوەنەکانی شانازی پێوە دەکەن و وێنەی لە ناوچەکەدا کەمە، پەرلەمانێکە لەناو پەرلەمانێکی گەورەتر و ئەزموونێکە لە ژێر چاودێری ئەزمونێکی داگیرکراوتردا وا بەڕێوەیە و بۆ دانی چانسێکی تر بۆ دەزگەییکردنی دەسەڵاتی پارت بەسەر دەوڵەتدا. من تێناگەم دەنگدانێك بە سەرپەریشتی لێژنەیەك (کۆمۆسیونی هەڵبژاردن) بەڕێوەیە

دەچێت، کە سەدان هەزارمرۆڤی هەمان نەتەوەی لە بەشداریکردن لەو پرۆسەیەدا بێبەش کردوە، هەر لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە ڕیفراندۆم نییە، کە خۆی یەکێکە لە پرنسیبەکانی دێمۆکراسی. هەروەها پابەندی دەستوورەکەی خۆیشی نییە وة کۆمۆسیونێك، کە بە چاوێکی شۆفینیستانەوە بڕوانێتە ئەو میلەتە و بیەوێت بەزۆر کەرکوك و چەندین ناوچەی تریش مافی دەنگدانیان لێ بسندرێتەوە و خۆشی بێت و تورشی بێت، بیکات بە ناوچەیەکی دابڕاو، دەبێت چۆن ئە م زموونة بەڕێوە بەرێت؟ پەرلەمانی ئەم دەڤەرە کەم وێنەیە، لەبەرئەوەی تا ئێستا دەستووری نییە و خەڵك و کاندیدەکانیش نازانن بە پێی چ بنەمایەك دوو ڕۆژی تر وڵات بەڕێوە دەبەن. میرایەتی ئێستا و پارتەکانی سەر بە دەسەڵات، بە هیچ شێوەیێك لێك جودا ناکرێنەوە، واتە ئەوەی دەوڵەت هەیەتی، هینی پارتە و ئەگەر هەر کاتێك پارت بڵێ من ئەڕۆم دەوڵتیش سفر بە دەست دەبێت. دەوڵەتێك نە دەزگای ڕاگایەندنی بە هەموو شێوەکانی بینراو و بیستراو هەیە و نە هێزی چەکداری هەیە، نە دەستووری هەیە، نە کۆمپانیای ئاوەدانکردنەوەی هەیە و نە هێزی دەریاوانی و هەوای هەیە، ئیتر ململانێی پەرلەمان بێجگە ناوێکی بێناوەڕۆك، چیتر دەگەیێنێت.

ئەوان هەر لە ئێستاوە، هێشتا هیچ نەبووە، لە بەڕێوبەرایەتییەکان و هێزی پێشمەرگەدا خەڵك دەر دەکەن. ئەی ئەگەر لە هەڵبژاردندا دەرنەچەن، ئاخۆ لە خۆڵ و ناوی دەزگەکانی بەڕێوبەراتییەکان زیاتر، چی بهێڵنەوە؟ دەبێت چی یارییەکی ئاشکرا بێت، ئەمەی دەکرێت، ئایا لایەنێکی تر کە ئێستا دەیەوێت بێتە سەردەسەڵات، نازانێت کە لە میریی کوردستاندا هیچ نامێنێت، ئەگەر خۆیان دەرنەچنەوە؟ ئەگەر دەزانن بۆ چی ئەو شەڕە دەکەن، بەتایبەت لایەنێك کە ئەورۆ بەتەمایە ململانێ بکات، تا ساڵێك پێش ئێستا، هەر سەر بە هەمان پارت و دەسەڵات بووە و سەرکردەکەی لە هەموو کینە و بەینەکاندا بەشدار بووە. دواتر ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، لیستی گۆڕان لە ماوەی چەند مانگێکدا تەلاری خۆی هەیە و کەناڵی ڕاگەیاندن لە هەموو جۆرەکانی هەیە و بە شێوەیەکی هەڵسوڕاو کار دەکات. نە گرفتی پارەی هەیە، نە ماتریال. بە مەرجێك تا ئێستا نە پارتێکی جیاوازی درووست کردووە، نە کشانەوەی خۆیشی لە یەکێتی ڕاگەیاندوە! من نازانم لەم یاریە ڕونتر دەبێت چی بێت، کە دەیانەوێت جارێکی تر سواری ملی نارەزایەتییەکانی خەڵك بنەوە؟ ئەمە چی ئەفراندنێکە، بێجگە لەوەی مێژووی درووستبوونی ئەم پەرلەمانە و لایەنە پێکهێنەرەکانی لە ساڵی 1992دا زۆر بە ڕوونی وانەیەکیان بە هەموو خەڵکی کوردستان و تەنانەت پارتەکانی تریش دا، کە ڕازی نەبوون لە ئەنجامی دەنگدانەکان 1992 و دواتر شەڕی چوار ساڵەی نێوان یەکێتی و پارتی ئەوەی ئاشکرا کرد، کە ئەگەر هێزی یەکەم و پشکداری سەرەکی نەبن، بە هیچ شێوەیەك ئامادە نین بە گەمەی پەرلەمانی دەست لە دەسەڵات هەڵگرن.

ئەزموونەکان و میژوو، وا جارێکی تر پێمان دەڵێن هەر کاتێك ناڕەزایەتی خەڵك و بزووتنەوەی خەڵکی کرێکار و زحمەتکێش هاتە سەر شەقام و یەخەی دەسەڵاتی گرت، ئەوا لە یەکەم ڕەنگدانەوەیدا، لە ناو چینی فەرمانڕەوادا دەبێتە مایەی قڵشت و دروستکردنی باڵی جیاواز بە خاتری بەڕێکردنی هەندێ ڕیفۆرمی ڕوکەشی بۆ دوورخستنەوەی شۆڕش و دەستگرتن بە بەڕەی ژێرپێیانەوە، نەوەك لە سەر تەخی سەر بکەوەن. هەروەها یەکەم هەنگاویان گەمەکانی دێمۆکراسی و لەباربردنی ئەزموونەکانن لە ڕێگە هەڵبژاردنی پەرلەمانییەوە. ئەم ئەزموونانەش هەمان ئەزموونی لەباربردنی خەونی ئێرانییەکان و تورکەکان و لوبنانییەکان و کوێتییەکانە و دەبێت ژنان لەم سیستەمانەدا چەندین چوار ساڵیتر بژمێرن تا بتوانن مافە سەرتایەکانی خۆیان بەدەست بهێن، ئەو کاتەش ئاخۆ ژنانی وڵاتانی تر چەند هەنگاوی گەورەیان بڕیبێت؟ کاتێك دەڕوانیتە ئەم پرۆسە کیسەڵیەی ئاڵوگۆڕکردنە، دەبینی بۆ ئەو هەموو ناکۆکییە ڕیشەیانەی مرۆڤایەتی، چەندە بێگوێ و بێویژدان و ناکارامەیە. هەروەها دەبێت لاوانی ئێران، یان خەونەکانی خۆیان بۆ چوار ساڵیتر لە چاڵ بنێن یان بیاندەنە دەست لایەنێکی ئیسلامی لێوبەخەندە تا ڕێوی ئاسا تا چوار ساڵ دیکەش، ئازادییەکانیان لە ژێر ڕبەزەیی ڕابەر دابنێت! دەبێت نەتەوەی کورد لە ژێر چاودێری نەتەوەی شوڤینی و سەرکردەی گەندەڵ و ملکەچدا، خەونی خۆشگوزەرانی و مافە نەتەوەییەکانی بۆ چوار ساڵی تر، بکاتە هەگبەی دێمۆکراسییەوە و هەر خەون بە یارییەکی تری چەواشەکاری پەرلەمانەوە ببینێت.!

<u>سەرچاوەکان:</u>

1-دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە ئێران (پرۆفیسۆر یان یەرپە) زانکۆی لوند و یارمەتیدەری پرفیسۆر سونە پیرسۆن زانکۆی یۆتتەبۆری.

2 –ثورة فيفري (الن ودز)

3- العمال والثوره فی ایران (عاصف بیات)

4-ایران لایمکن محو ماضی خاتمی من التاریخ (مراد شرین)